# گەلەرییەك لە خەتا و پەشیمانبوونەوەیەکی درەنگ



عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)

پەشیمانم لە ڕنینی گیاو گوڵی بەهارانی باخچەی (ام الربيعين)و
لە وەرینی گوڵە حاجیلەکانی قەراغ دیواری مەدرەسەی (زێوەر)
پەشیمانم لە فلیقانەوەی ئەو بەچکە بۆقانەی
کەلە گۆمە قوڕاوییەکەی ئەوبەرمانەوە دەهاتن و
بە پێکانمدا هەڵدەگڕان
پەشیمانم لە کوشتنی ئەو کۆترەی کە بۆ پشوو
هەر بۆ پشوو لای دابووە سەر دارتووەکەی حەوشەمان و
منیش بە دارلاستیکێکی چەتون سەربەرەوخوار
هێنامە خوار
پەشیمانم لەو شەڕانەی کە کردوومن
پەشیمانم لە نارەحەتکردنی ئەو قەتێیەی
کە نەنکم-میمکم لە لادێوە بە دیاری بۆی هێنابووم و
ئەو ماڵە گەورەیەم لێکردیووە کونە مشك
پەشیمانم لەو پێکەنینە زۆر قوڵەی کە چوارشەمانێك لە (وەکاشە)
(نازم) وەك تۆپ لەسەر گردێکی بەرزەوە خلۆر بۆوە و
دەستی شکا و منیش قاقا پێدەکەنیم وسەیرم ئەکرد
پەشیمانم لە برژاندنی ئەو سوێسکە لەڕ و ترساوەی
کەلە سەردەمی فیراری لە ئەشکەوتی(حسێن) برژاندم و خواردم

پەشیمانم لە دزینی کێکەکانی مەعمەلەکەی (کاك کەریم)و
لە شکاندنی کاشییەکانی (حاجی موتعیب)
پەشیمانم لە تورە کردنی فەڕاشی قوتابخانەی (سەرکەوتن)و
لە ئازاردانی توتکە سەگەکانی ئەو بەر جادەی (ڕەحیماوە )
پەشیمانم لە لاسایی کردنەوەی مەلا(فەتحولا)
وەختێك وانەی (تبارك) ی بە منالان ئەووتەوە
پەشیمانم لە شکاندنی گڵۆپی عاموودەکانی کۆڵانەکەمان و
لەجەڕەس دانی ماڵە دراوسێکان
پەشیمانم لە خۆهەڵواسین بە پیکابی(حاجی نەجم) و
بەکەرو عەربانە بەرزەکەی( مام فەرەج)
پەشیمانم لەو بەردە زۆر بچووکانەی کەلە سەربان
دەمهاویشتە کچە دراوسێکەمان و پێیم دەگووت(خۆشم ئەوێی)
پەشیمانم لەو (10 فلسەی) کە بە (چقور) دۆڕاندم و
نەمتوانی شەکرلەمەیەکی لای(مامە حەمە) پێبکڕم
پەشیمانم لە بەردبارانکردنی دەرگای حەوشەمان
تەنها بۆ (25 فلس).. بۆ کڕینی فلیمی( هەرقل) و ( سانتۆ ) و(شامی کاپوور)
پەشیمانم لە کردنەوەی پڕتەقاڵی حەوشەی ماڵی مامۆستاکان
پەشیمانم لەو پرسیارە دزێو و ناشرینانەی لە مامۆستای (ئایین)م دەکرد
پەشیمانم لە قۆپیە کردنەکانم لە وانەکانی (هەندەسە) و (کیمیا) و (جەبر)
پەشیمانم لە لگاو کردنی ڕۆژانی جەژن و
یارمەتی نەدانی (ئاراس) ە قەڵەو وەختێ لەسەر جادەی کۆڕنیش بزر ببوو
پەشیمانم لەو جوقانەی لەسەر جۆلانە حەبلییەکەی سەیرانەکە
منالانی لە خۆم بچووکتر پێ دەترسان
پەشیمانم لەدەست هەڵەکردنی ئەو ڕێبوارانەی
کە پرسیاری هەر ماڵێکیان لێکردمایە من دەمناردن بەرەو ئاراستەیەکی تر
پەشیمانم لە دڵشکاندنی خوشکەکەم
لە ترساندن و نیگەران کردنی باوکم وەختێ دەستم بە سیاسەت کرد

پەشیمانم لەو شیعرانەی دڕاندمن
لەو چیرۆکانەی فڕێمدان
پەشیمانم لەو ڕەسمانەی کە نەمگرتن
لەو ماچانەی لە دەستم چوون
پەشیمانم لەو گەشتانەی کە نەمکردن
لەو ئاهەنگانەی کە نەچووم تێیدا سەمای دڵدارانەی تێدا بکەم
پەشیمانم لە ڕەدوو کەوتنی هەورەکان و
بڵاوە پێکردنی ڕەوە کوکوختییەکان
پەشیمانم لە شاردنەوەی تریفەی مانگ و
لەو خەونانەی کە بینیومن.

.............................................

کردنەوەی چەند کۆدێکی پێویست:

*(ام الربیعین) ناوی باخچەیەکی گشتی بوو لە گەڕەکی (تەپەب مەلا عەبدوڵا) لە کەرکووک.
*(زێوەر) دوا ناوەندی زێوەری کوڕان لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک.
*( نازم ،ئاراس ) دوو قوتابی سەردەمی منداڵیمن، یادیان بە خێر.
* (وەکاشە) جێمەنزڵی(عکاشە)یە و خەڵکی کەرکووک لە بەهاراندا دەچنە ئەوێ بۆ سەیران و گەشت.
*( ئەشکەوتی حسێن) ئەشکەوتێکە لە بناری چیای (ناسرئاغا) لە دەشتی کۆیە.
*( کەریم و حاجی موتعیب) دوو برا بوون ،تورکمان بوون.خاوەنی کارگەی بسکیت و کاشی بوون لە ڕەحیماوای کەرکووک.
*(سەرکەوتن) قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان بوو و خوێندنم لەوێ دەستپێکرد.
*(مەلا فەتحولڵا) مەلایەکی بێوەی بوو لە کەرکووک هەر خەریکی وتنەوەی وانەی ئایینی بوو.

* (حاجی نەجم ) شوفێری پیکاب بوو لە نێوان کەرکوك و سەقزلی

*(مام فەرەج) کۆڵهەڵگرێکی شاری کەرکووك بوو بە کەر و عەرەبانەیەکەوە چاکترین ڕۆڵی گواستنەوەی دەگێڕا.

*(چقور) وشەیەکی تورکییە و بەمانای (چاڵ) دێت و یارییەکی منالأنەیە .سەرەتا یاریکەرەکان پارەکانیان بۆ چاڵەکە فڕێ دەدەن ،کێ پارەکەی بخاتە نێو چاڵکەوە ئەوا ئەو یەکەمەو کێ نزیکتر بێت لەچاڵەکەوە ئەوا ئەو دووەم دەبێت بەو شێوەیە.دوواتر پارەکان کۆ دەکرێتەوە جا 5 فلسی بێت یان 10 فلسی ،پاشان بەرەو چاڵەکە هەڵدەدرێت چەندی بکەوێتە نێو چاڵەکەوە ئەوا دەبێتە پارەی ئەو کەسە.

*(مامە حەمە) پیرەمێردێکی تەمەن هەشتا ساڵەی دراوسێمان بوو، گوڵەبەڕۆژە و شەکرلەمەی دەفرۆشت.هەموو ژیانی بە سەڵتی بردە سەر و چەند ساڵێکە کۆچی دووایی کردووە.

*(شامی کاپوور) ئەکتەرێکی هیندی بوو و (هەرقل) و(سانتۆ)ش پاڵەوانانی فلیمی بیانی بوون.

مانگی نیسانی/2006

ڤانکۆڤەر/کەنەدا